# هاوڕێکانم جەهەنەمی منن

شەهید کەوڵۆسی



ئەگەر وا بێت ئیتر باران بۆ ببارێت؟
با سەری بڕاوی حوسەین لە کووچەکانی شاردا هەڵواسین
وە ک چۆن لە ئاوێنەکاندا بۆ هەمیشە مناڵیمان هەڵواسی،
بۆ هەمیشە خوێنی کتێبەکانمان بە قیافەی شمشێرەکانەوە هەڵواسی
بۆ هەمیشە هاوڕێ بەدەکانمان ئێمەیان بە سێدارە لەشپیسەکانەوە
بەستەوە و بە تەنها جێیان هێشتین،
ئەگەر ئاوها بووبێت، ئیتر ئاگر بۆ نەبارێت لە چی دڵی ئێمە ئەترسێنن،
ئەگەر بەختەوەری سوارچاک بێت و ئێمە پیادە
خۆف لە چی بکەین کە با نەییات؟
بۆ بسڵەمینەوە لە جەنگاوەرو خوێنبارین؟
بیرمە کە مناڵ بووین بە هە موومان بە دوای تۆپێکدا ڕامان دەکرد
کەچی کە گەورە بووین هەموومان لە دەستی تۆپێک هەڵاتین
ئاخر لە چی پەشیمانمان دەکەنەوە؟
کە ئێمە پیادە و نیشتمان بەسەر پشتی بۆمبێکەوە
لە چی پاشگەز ببینەوە ئیتر؟
ئێستاش زامی ئەو قولاپانەی لە دڵی ئێمەیان گیرکرد
وەک سۆنەیەکی سپی و تەنهای ناو بەحرێکی دوور ئەدرەوشێتەوە
جێ کەڵبەی گورگە شیرەخۆرەکانی نیشتمان وا لە سەرماندا ئەژی
ئاسەواری تەنهای ڕوخساری خوشکەکانی ئێمەیان شێواند
براکانی ئێمە وەک ئاردی ناو دڕک هەرگیز بۆمان کۆنەکرانەوە
هاوڕێ خەمبارەکانم وەک تەزبیحەکەی دەستی نەنکم پچڕانەوە

خودایە ئیتر لە چی هەو بکەین؟ فادی لە چی بکەین؟
باشتر وایە برۆین، باشتر وایە کاسەی سەری خۆمان
وەک ئەو تۆپەی بە دەستی یاریزانێکی دۆڕاوەوەیە
بخەینەوە بن باڵمان و ئەم یاریگا دەستەمۆیە چۆڵکەین
کە بۆ هەمیشە دۆڕاین، کە بۆ ئەبەد شکاین
چی هەیە بمانگێڕێتەوە؟
لە ژوورێکی بچکۆلەدا قاقا بە گۆگوش پێدەکەنم
کە دەڵێت چەند باشە بوونی تۆ بۆ من چەند خۆشە بوونی تۆ بۆ من
من بۆیە سارتەر ناخوێنمەوە چونکە منی دۆزییەوە لە دوور
لە قوڵاییمدا ئەو پیاوە هۆن هۆن دەگری
ئەبێت چی هەبێت وا بکات لەگەڵ ژان پۆلدا نەگرین؟
سەیرم دەکات و دەڵێت، هیچ منی نەکوشت هاوڕێکانم نەبێت
هاوڕێکانت هەمیشە جەهەنەمی تۆن،
ئەی مشتێک لە پاشماوەی نەفرەت من ئەمەت فێر دەکەم
هاوڕێکانم وەک گوڵی ژاڵە جوانن، کەچی وەک گوڵی ژاڵە خوێنیان تاڵە
ئەگەر وا بێت دۆستمان بۆ چییە ئیتر؟
با ئەم خودایە تەڵاق بەین کە لە ئێمەدا بە دوای زارۆکە زۆڵەکانیدا ئەگەڕێت،
با ئەم پێغەمبەرانە ڕاو کەین کە دەیانەوێت ڕاومان کەن
با ئەم کتێبانە بسووتێنین کە فێری قسەی خۆش و وەفامان دەکەن
کە نازانین ماڵ مانای چیی نیشتمانمان بۆ چییە ئیتر؟
ئێمە کە نەزانین نیشتمان مانای چی
سەرکردە و دیپلۆماتی خوێریمان بۆ چییە ئاخر؟
کە هیچمان نەبێت لێی بترسین یاساوڵ و سەربازی برسیمان بۆ چییە؟
لە چی پاکمان دەکەنەوە، ئەگەر تەفرەدان خۆی باشترین ڕێگای
گەشتنی من و تۆ بێت بە یەکتر؟
ئەگەر نیازی من و تۆ دڵداریکردن بێت لەگەڵ دووری
ئیتر بۆ باکمان لە گیانەڵای ژیان بێت کە لەژێر پێماندا
وەکو لوغم چێنراوە؟
بەختەوەری کە هەر باسی مەکە
وەکو سۆزانییەکی بەد خۆی ئەدا با خۆر،
ئارامی کە هەر باسی مەکە
نارنجۆکێکی تەوقیتکراوە لەسەر نزیکیی من و تۆ لە یەکتر،

عەشق کە هەر باسی مەکە
دەڵەسەگێکی پیرە وەچەی خوێنرێژ بۆ دووری گەورە ئەکات
بە چی ئەمانترسێنن؟
ئەگەر ترس خۆی باشترین ڕێگای مانەوەی ئێمە بێت بۆ یەکتر؟
با دڵی خۆمان لە ئاوێنەکاندا هەڵکەنین وەک چۆن چاوی خۆمان
لەو کوچانەیا هەڵکەند کە عومرێکی درێژ لە چاوەڕوانی
گەڕانەوەی یەکتردا دەسخەڕۆمان کردن،
ئاوێنە کە هەرگیز چاوی بەرایی نایەت سبەینێمان بۆ هەڵبگرێت،
با سەری خۆمان لە دەستی ئەو شمشێرانە بسەنینەوە
کە سەری کتێبەکانیان بۆ هەمیشە لێ سەندینەوە لە ئاوێنەکاندا
لە ناو ئاوێنەکاندا خەونمان بە حەکیمە موعتادەکانەوە ئەبینی
چۆن چۆنی خوێنی خۆیان ئەتکاندە دەمی گورگە بریندارەکانەوە
ئێمە هاوارمان ئەکرد، لێیانگەڕێن با بتۆپن ئەو بەدفەساڵانە
بهێڵن بگەنە شادومانی، خۆ ئێمە جێنشینی ئەوانین، بهێڵن ئاسوودە بن
حەکیمە نامەردەکان وەک گورگەکان ئەیانلوراند ئوووووووو
با نەمرن، دۆستی وامان دەستناکەوێت تیماریان کەین
بابگەڕێنەوە ژیان، کێ بە مەرگی بابانی خۆی ڕازییە کێێێ، ئووووو
بەڵام زەجرمان کێشا و بەو ڕێگایانەدا ڕۆیشتین
کە ورد ورد ئەیانبردینەوە بەرەو جەهەنەم
ئاخر بۆ کوێ بچوینایە کە دەمانزانی بە هەر ڕێگایەکدا برۆین
ئەمانهێنێتەوە زێدی بابانمان جەهەنەم،
گەر ئاوها بێت، بەچی ئاشتمان دەکەنەوە؟
گەر ئاوها بووبێت، دڵمان بە چی ئەدەنەوە؟
گەر ئاوها بێت هەمیشە، بە چی شادمان دەکەنەوە؟
گەر بوونی من و تۆ ئەم لەرە نەشازە لە گەرووی ژیاندا دروست بکات
گەر نووسین دونیا نەگۆڕێت با برۆین بەرەو جەهەنەم
گەر دونیا جەهەنەم نەگۆڕیت با برۆین بەرەو نووسین
کە هەر خۆیەتی جەهەنەم
گەر جەهەنەم نووسین نەگۆڕیت با برۆین بەرەو دونیا
کە هەر لە خۆی جوانە جەهەنەم،،،،